# قۆناخی پاش تێپەڕاندنی بودجەی سێ ساڵی لە عێراق

18-06-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** پاش 60 کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی و زیاتر لە 180 دیدار لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی فیدرالیی عێراق، پەرلەمانی عێراق لەنێو هەرایەکی گەورەدا، لە سپێدەی 12ی حوزەیرانی 2023 بە بەشداری 229 پەرلەمانتار لە کۆی 329، هەرچۆنێك بوو کۆتایی بە مشتومڕی بودجە لەنێو بازنەکانی دەسەڵاتی یاسادانان هێنا

پاش 60 کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی و زیاتر لە 180 دیدار لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی فیدرالیی عێراق، پەرلەمانی عێراق لەنێو هەرایەکی گەورەدا، لە سپێدەی 12ی حوزەیرانی 2023 بە بەشداری 229 پەرلەمانتار لە کۆی 329، هەرچۆنێك بوو کۆتایی بە مشتومڕی بودجە لەنێو بازنەکانی دەسەڵاتی یاسادانان هێنا. ئێستا بڕیار لەلای حکومەتی سودانییە کە ئایا لە دادگای فیدراڵی تانە لەو بڕگەو ماددانە دەدات یان نا کە پێچەوانەی خواستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیادکراون؟ چونکە حکومەتی حەیدەر عەبادی لە 2017دا بەم ڕێکارە کۆمەڵێك بڕگە و ماددەی پەسەندکراوی بودجەی هەڵوەشاندەوە. حکومەتی ئێستاش رایگەیاندوە کە پێداچوونەوەیەکی لەو شێوەیە دەکات، بەڵام وردەکاری زیاتری لەسەر نەدرکاندووە.

بودجە لەڕووی ژمارە و خەرجییەوە هەرچۆنێك بێت، لە کۆتاییدا ئەو راستییە ناگۆڕێت کە لە پەسەندکردنیدا هەندێك پێشینە و گرژی سیاسی و پێکهاتەیی لەخۆ گرت کە سێبەری لەسەر قۆناخی داهاتوو دەبێت. حەوت پەرلەمانتاری لیژنەی دارایی کە خۆیان ناو ناوە "هەڵۆکان" کەوتنە هەمووارکردنی زۆر لە بڕگە و ماددەکانی دەقی پرۆژە حکومییەکەی بودجە، لەکاتێکدا بەپێی دوو بڕیاری پێشووی دادگای فیدراڵی (25/2012) و (35/2021) ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەسەڵاتی ئەوەی نییە هەمواری بنچینەیی و جەوهەری لە پرۆژە یاسای بودجەی حکومەت دا بکات. ئەم هەنگاوەی لیژنە پەرلەمانییەکەش پەلکێشانی هەژموونی پەرلەمانتارانی "دەستڕۆیشتوو" بەسەر ڕێکارە یاسایی و دەستوورییەکانی تێپەڕاندنی بودجە و لە پشت ئەویشەوە کابینەی حکومەت زیاتر ئاشکرا دەکات. ئەمە جگە لە بێ بایەخکردنی ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنانەی حکومەتی لەسەر پێکهێنراوە و دۆخێکی نوێ لە بێ متمانەیی دروست دەکات.

دەرەنجامەکانی تێپەڕاندنی بودجە ئەوە دەردەخەن کە لە عێراق شتێك نییە بە واتا راستەقینەکەی بودجە و پلانی ئابووری و سیاسەتی دارایی بێت، چونکە ئەگەر بە بودجە پەسەندکراوەکەدا بچیتەوە، زۆر لە ماددە و بڕگەکانی گوزارشتە لە خواست و داواکاری هێز و لایەن و گرووپ و پێکهاتەکان و، بەشی زۆری ئەمانەش زیاتر ئابووری بەرخۆر دەچەسپێنن کە هەموو دنیا هۆشداری لە مەترسییەکانی دەدات. هەر لەو میانەیەشدا حکومەت ناچارکرا بە رەخساندنی 150 هەزار هەلی کار لە کەرتی گشتی کە فەرمانبەرییە. هەروەها بە دەنگدانێك بایی 160 ترلیۆن دیناری پێشینەی وەزارەتەکان بەبێ پاکتاو پەردەپۆش کرا، بەم پێیەش بودجەکە زیاتر دابەشکاری داهاتە تاوەکو ئەوەی نەخشەڕێیەکی دارایی و ئابووری بێت و، ئەگەر نرخی نەوتیش لە جیهان بێتە خوار 70 دۆلارەوە، ئەوە ئیتر قۆناخی زیان و مایەپووچی دەست پێدەکات و ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە لەسەر عێراق لە مەودای نێوەڕاست و دووردا و ئێستاش کە لە هێورییەکی کاتیی بێ وێنەدا دەژی، ئەوە کەمتر دیار دەبێت.

هەر لەبودجەشدا دەرکەوت ئەوەی ناوی لێ نراوە "هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت"، ناوێکی تاڕادەیەك بێ نێوەڕۆکە، چونکە لە پەرلەمان ئەوانەی یاسای بودجەیان ئاراستە کرد، زیاتر ئەو پەرلەمانتارانەن کە لینکی بەهێزیان لەگەڵ گرووپە چەکدارە "راسترۆ"کانی ناو حەشدی شەعبی و چوارچێوەی هاوئاهەنگی هەیە، ئەوانیش هیچ دەربەستی ڕێککەوتنە سیاسییەکان نین، جگە لە ئەجێندای تایبەتی خۆشیان زیاتر لەگەڵ رای گشتی شیعی و جەماوەری هاندەریان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پابەندییان هەیە. هەروەها بەبێ ئەوەی بە زەقی لەسەر هیچ لایەنێکەوە ماڵ بن، دەستکەوتی گەورەیان لە بەرژەوەندی هەژموونی شیعی و ناوەندیبوونی دەوڵەت دا هەیە کە لەگەڵ ئامانجەکانی زۆر لە هێزەکانی ناو چوارچێوەی هاوئاهەنگیدا تەبایە.

لەسەر ئاستە سیاسییەکەش لە پاش بودجە بەرە نوێیەکانی دیکەی شەڕ دەکرێنەوە. زەقترین ئەو پێشهاتانەش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە لە کۆتایی 2023 دا، لەگەڵ یەکلاکردنەوەی مقۆمقۆی گۆڕینی محەممەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان، ئەویش لە کاتێکدا کە ناوبرا لە گفتوگۆکانی بودجە لە نێوەڕاستدا وەستا و خۆی لە تورەکردنی شیعەکان پاراست. جگە لەم دوو پێشهاتەش سوودانی بەڵێنی دابوو گۆڕانکاری لە وەزیرەکانی دا بکات، بەڵام ڤیتۆی لایەنەکان نەیهێشت و مشتومڕ و هەرای بودجەش ئەوەیان زیاتر کرد بەژێر رووداوەکانەوە. ئەم پێشهاتەش وەك پرسیار و تەگەرەی بەردەم سەرۆکوەزیران دەمێنێتەوە چونکە بەوەدا دەردەکەوێت کە ئاخۆ محەممەد شیاع سوودانی بەڕاستی هیچ بڕیاری بەدەستە لە پێداگیریی گۆڕانکاریی وەزیرەکان یان دیلی خواست و بەرژەوەندی ئەو هێز و گرووپانەیە کە بۆ سەرۆکایەتی وەزیران سەریانخست.

بودجەکەی 2023 دۆخێکی بێ پێشینە بوو لە پاش 2003، چونکە لەجیاتی ساڵێك بۆ سێ ساڵە. بۆچوونێکی بڵاویش هەیە کە پێیوایە چیدیکە حکومەت کاری بە پەرلەمان نەماوە و لەمەولا سوودانی ناچار نییە موجامەلەی پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان بکات، ئەمەش دەرفەتی جموجوڵی زیاتری پێ دەبەخشێت، بەتایبەت کە چاوەکان لەسەر ئەوەن لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان دا وەك جەمسەرێکی شیعی دەربکەوێت جا چ بە لیستی راستەوخۆ بێت یان پاڵپشتیکردنی لیستی نیمچە سەربەخۆ و چینی ناوەندی شیعە کە لە خۆپیشاندەرانی جاران نزیکن.

لە مشتومڕی بودجەدا یەکڕیزی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بەشێواوی دەرکەوت، بەڵام پێ ناچێت لە پاش بودجەش بەتەواوی پەرتەوازە ببن بەتایبەت کە هەمیشە مەترسی سەدر کە لە کەمینداییە وەك سێبەرێك بەدوایانەوەیە. لەدەرەوەی ئەوەش، ئەو سەنگەی ئێستا 130 کورسییەکی چوارچێوەی شیعە هەیەتی دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر  پەرتەوازە ببن. لە سەروو ئەمەشەوە راگرە سەرەکییەکەی

چوارچێوە شیعەکە کە تارانە لەسەر یەکڕیزی بەرهەمەکەی پێداگرە و، ئێستا لەجیاتی سەرقاڵی بە ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی عێراق، چاوی لەسەر ئاشتەوایی سعودیە و میسر و لێکتێگەیشتنە لابەلاو نافەرمییەکەیەتی لەگەڵ ئیدارەی بایدن.

مشتومڕەکانی بودجە هەڵگری پێشهاتی سیاسی و یاسایی نوێبوون لە تۆخکردنەوەی بێ متمانەیی نێوان پێکهێنەرەکانی پرۆسەی سیاسی ئێستا و شێواندنی ڕێساکانی مامەڵەی حکومەت و پەرلەمان، لەڕووی رەهەندە ئابورییەکەشەوە، بودجەکە هەڵگری کارەساتی گەورەیە و زیاتر لە دابەشکاری و بەخشینەوەی داهاتەوە نزیکە و مەحکومە بە مانەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت لە سەرووی 70 دۆلار، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا عێراق لە دۆخێکی سەقامگیری سیاسی و ئابووری کاتی دایە کە نرخی نەوت تێیدا بەرزە و سەدر بێدەنگە و ئێرانیش ئۆقرەیی دەوێت، لێکەوتە خراپە سیاسی و ئابوورییەکانی بودجە دەرناکەون و ئاسەوارەکانی دوا دەکەون بۆ مەودای دوور و ئەگەریش هەیە بۆ مەودای نێوەڕاست.